# ئاسەواری بەعس بە ئەحزابێك ناسڕێتەوە
# كە ڕابەرەكانیان بەعسی بن!

**سالار ڕەشید/ سویسرا**

ئەوە ماوەیەكە دەنگوباسەكان جەخت لەسەر ئەوە ئەكەنەوە كە ئەمریكییەكان لیستێكیان داوە بە هەردوو حیزبی یەكێتی و پارتی، كە ناوی دەیان كەس وەیان زیاتر لە سەد كەس لە سەركردایەتی هەردوو حیزب و پەرلەمانەكەیانی تێدایە كە بەعسی بوونە و ڕاستەوخۆ كاریان لەگەڵ حكومەتی بەعس و دەزگاكانی ئەمن و موخابەراتی عێراقیدا كردووە، وە هەندێك لەمانە موچەی بەكرێگیراوییان مانگانە بۆ خراوەتە سەر كۆنتۆی بانكییان لە دەرەوەی وڵات!

ئەو ماوەیە كەم نییە كە ئەم حزبانە لیستی هاوڕێ و هاوسەنگەر و ڕابەرە شۆڕشگێڕ و قارەمانەكانی كوردایەتی و عروبەیان تەسلیم كراوە، بەڵام نقەیان لێوە نایات، نەعامە ئاسا، سەریان بەناو خۆڵدا كردووە!

دیارترین موشەخەسەی ئەم دوو حیزبە گوێنەدانە بە هەست و شعور و ئاوات و ویستی خەڵكی كوردستان، ئەگەرنا ئەبوو ئێستا ئەم دوو حزبە ڕوونكرنەوەیەكیان بە خەڵكی كوردستان بدایە و ئەو ڕابەر و قارەمانانەیان بەخەڵكی كوردستان بناساندایە و، پاشانیش هەڵوێستی خۆیان لە بەرامبەریدا ئاشكرا بكردایە....

بەڵام دیارە حزبێك ئەگەر تۆزێك پەیوەست بێت بە خواستی خەڵك و بەرژەوەندییەكانیەوە، وە تۆزێك مەسەلەی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵكیی پێ گرنگ بێت، ئەتوانێ ئەو جورئەتە لە خۆ بنوێنێ و هەرچی لە ژێر بەڕەیە بهێنێتە سەر بەڕە و بۆ خەڵكی ئاشكرا كات.

بۆیە ئەم حزبانە بە جۆرێكن مەگەر فشاری خەڵكی ناچاریان بكات كارێكی وا بخەنە بەردەم خەڵك و خەڵكی لێ ئاگاداربكەنەوە. لە حاڵەتێكی واشدا خۆیان وا پیشان نادەن كە لە ژێر فشاری خەڵكدا ئەو كارە ئەكەن، بەڵكوو وەك ئەوەی خۆیان هەر بە نیازبوونە و، ڕەنگبێ كۆڵێكیش سنگی خۆیانی پێ دەرپەڕێنن.

خەڵكی كوردستان مافی خۆیانە ئەو دەیان كەسەی ڕابەرایەتی ئەم دوو حزبەیان لا ئاشكرا بێت، چونكە خەڵكی كوردستان پێیان وایە كە حكومەتی بەعس ڕووخا و حزبی بەعسیش قەدەغە كرا، كەچی ئەبینن حزبی بەعس بە حكومەت و مەجلیس وەتەنییەكەیەوە لە كوردستاندا ماوە!

خەڵكی كوردستان مافی خۆیانە بۆیان ڕوون بێتەوە كە چۆن 12 ساڵە و لە دوای هەستان و قوربانی زۆر و خوێناوی حكومەتی فاشیستی بەعس و ئەمن و موخابەراتەكەی لەژێر پەردەی ئەحزابی كوردایەتی یەكێتی و پارتی حوكمی خۆیان هەر درێژە پێداوە!

ئەم دەیان كەسە لە ڕابەرایەتی و لە پەرلەمانی ئەم دوو حزبە كەسانێك بوونە نەك تەنها پیاوی بەعس بوونە، بەڵكوو پیاو و بەكرێگیراوی ئێران و توركیا و سوریاش بوونە، ئەمانە جۆكەر سیخوڕ و سیخوڕی حیرفەیی بوونە، لەگەڵ دڕندەترین حكومەتی ناوچەكە كە یەكێك لە گەورەترین تاوانەكانیان ئیبادەی خەڵكی كوردستان بووە دەستیان تێكەڵ بووە.

ڕەنگبێ هیچ حزبێك لە دنیادا نەتوانێ و بۆی نەکرێ ڕێگە لە ئەحزابی موخالیف و ئەحزابی دوژمنی بگرێ کە کەسانی بەکرێگیراو و جاسووس بێتە ناو ڕیزەکانیەوە ...

تا ئەو جێگایەش ئەو بەکرێگیراوانە لە ئاستەکانی خوارەوەی ئەو حزبەدا بن و شوێنی گرنگ و هەستیاریان بەدەستەوە نەبێت هەر ئاساییە، بەڵام هەرچی ئەمانەیە، ئەوا کار بەو شێوەیە نییە و لەو ئاستەدا نییە! کاتێك ژمارەی ئەوانە بگاتە دەیان کەس و لە ڕابەرایەتی ئەو حزبەدا بن، ئیتر ئەمە جیاوازە لە حاڵەتی نۆرماڵی مەسەلەکە. وە کاتێك ئەم حزبانە هیچ ڕوونکردنەوەیەك بە خەڵکی نادەن و هیچ هەڵوێستێك لەبەرامبەر ئەوانەدا نانوێنن ئیتر ئەمە بە تەواوی مەسەلەیەکی ترە.

ئەمانە ئیتر بۆ حزبێك کە تۆزقاڵێك پەیوەندییان بە بەرژەوەندی خەڵکەوە مابێت ئاسایی نییە. بەڵام دیارە بۆ ئەحزابێکی وەك یەکێتی و پارتی بە سیاسەت و کار و کردەوەیان دەیان جار سەلماندوویانە کە دژی هیوا و خواستی خەڵکی کوردستانن، بۆیە ئاساییە دەیان پیاوی بەعس و حکومەتە دڕندەکانی ناوچەکە لە ڕابەرایەتییاندا هەبێ.

بە دەیان و سەدان کەس لە کوردستان هەبوون کە سەر بە ئەمن و موخابەراتی بەعس بوون و سەرەك جاش و موستەشار بوون، وە هەزاران ڕۆڵە و لاوی ئەم وڵاتەیان بە گرت دا، خانەولانەی خەڵکیان تەخت کرد، شار و گوندیان کاول کرد، کیمیاباران و ئەنفالیان کرد، پەتی قەنارەیان خستە ملی هەزاران لاو وە دەستیان بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوانی کوردستان سوور بوو... کەچی لە جیاتی دادگاییکردنی ئاشکرای جەماوەری ئەمانە، لە جیاتی گوێگرتن لە خواستی خەڵکی بەشمەینەتی ئەم وڵاتە، لە جیاتی ڕێزگرتن لە فرمێسکی دایکی قوربانییان... ئەمانەیان داڵدە دا، حەوانیاننەوە، لە دەستی خەڵکی بەدووریان گرتن، کردیانن بە مەسئول و لە ڕابەرایەتی و پەرلەمان دایان نان، کردیاننەوە بە حاکمی خەڵکی کوردستان.

بەڵێ ئەم حزبانە هیچ کاتێك گوێیان بە خواستی خەڵکی کوردستان نەداوە و نەیانویستووە کارێکی وا بکەن کە ئەمانە بدەنە دادگایەکی جەماوەری. دادگایەکی لەو چەشنە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر کەسانی لەو جۆرە نەتوانن هەروا بە ئاسانی جورئەت بکەن و دەست بخەنە خوێنی خەڵکی، هەروەها بەو جۆرە ورەی شۆڕشگێڕانە و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئەچێتە سەر. دیارە کارێکی لەو جۆرە نەك هەر بە قازانجی ئەم حزبانە نییە، بەڵکوو بە زیانیش بۆیان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەزموونی سەرکوتگەری و خوێنڕێژی ئەمانە سەرمایەیەکی چاکە بۆ حاکمیەتی ئەم حزبانە.

بۆیە ژینگەی ئەم حزبانە باشترین جێگایەکە کە بەکرێگیراوانی لەو جۆرەی تێدا بحەوێتەوە، وە ئەم حزبانە خۆیان هۆکاری ئەوەڵ و ئەخیرن لەم فەزاعەتەیاندا. ئەمانە بۆ خۆیان شانیان ئەمە هەڵئەگرێ و، کاڵا بە قەد باڵایە!

بەڵام ئیتر ئەوە خەڵکی کوردستانە ئەبێ ئەم حزبانە بهێننە ژێر پرسیار و کۆتایی بە حاکمییەتیان بهێنن. ئەم حزبانە دەیان کوێرەوەری و نسکۆ و کارەساتیان بەسەر خەڵکدا هێناوە، دەیان جاریش ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە حوکمی دواکەوتوو و دژی ئینسانی ئەمانە شاییستەی خەڵکی کوردستان نییە. بە تایبەت لە کاتێکدا کە دەرکەوتووە دەیان کەس لە ڕابەرایەتی ئەم دوو حزبە نۆکەر و بەکرێگیراوی بەعس و حوکمەتە هارەکانی ناوچەکەن.

ئەمانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکار و پێکهێنانی حوکمەتیانەوە بە هەزاران کەسیان لە شەڕی خۆیان و پەکەکە بە کوشت دا، پاشان لەلای خەڵکی ئەیان وت لە گیرفانی لاشەی چەکدارەکانی پەکەکە ناسنامەی وامان دۆزیوەتەوە کە ئەمانە سەر بە حوکمەتی بەعس و موخابەراتی عێراقین. بەم جۆرە ئەیانویست هێزەکانیان بۆ ئەو شەڕە گەرم ڕابگرن و لەولاشەوە بە خەڵکی نیشان بدەن کە گوایە ئەمانە شەڕی بەکرێگیراوانی بەعس ئەکەن! ئەگەر وامان دانا ئەوانەش ڕاست بوون، بەڵام ئەوانە چەکدارێکی سادەی ئەو حزبە بوون، ئەدی ئێوە کە دەیان کەس لە بەکرێگیراوانی بەعس لە ڕابەرایەتیتاندایە، ئەبێ خەڵکی کوردستان چەندە لەسەر حەق بێت کە شەڕی ئێوە بکات و لە کوردستان ڕاتانماڵێت؟!

ئەمان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکار و پێکهێنانی حوکمەتیانەوە بە دەیان ژنیان بە بیانووی ئەوەی کە پەیوەندییان بە ئەمن و موخابەراتی بەعسەوە هەبووە تیرۆر کرد! ئەگەر وامان دانا ئەم قسانە ڕاستییەکی تێدا بووبێت، ئەدی بۆچی دادگایەکی ئاشکرایان بۆیان دانەنا و تاوانەکانیان بە بەڵگە و دۆکیومێنت و شایەدەوە نەخستە بەر دەستی خەڵکی؟!

ئەگەر وامان دانا ئەو قسانە ڕاستییەکی تێدا بووە، ئەی مەگەر هەر ژنان لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندییان بە ئەمن و موخابەراتی بەعسەوە هەبووە؟! ئەی بە سەدان ئەمن و موخابەرات و سەرەك جاش و موستەشار کە بەڕێزەوە لە ڕیزەکانیان ڕاگیرابوون، ئەوانە بۆچی نەك هەر تیرۆر نەئەکران بەڵکوو وەك کەسانی شەریف و شۆڕشگێڕ بە خەڵکییان دەناساند!

وەیان نەخێر ئەو کردەوە تیرۆریستانەیە بۆ نواندنی هێزی خۆیان بوو لە بەرامبەر خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بۆ سەرکوتی ژنان و ترساندنیان بوو!

ئەدی ئێستا دەرکەوتووە حزبێك ئەو تیرۆرانەی لە دژی ژنان ئەنجام داوە کە دەیان کەس لە ڕابەرایەتییەکەی، بۆخۆیان کرێگرتەی بەعس بوونە، ئەبێ بڵێن چی؟! ئێستا خەڵکی کوردستان حەقیان نییە لێیان بێنە دەنگ و پێیان بڵێن ئەگەر بەو تۆمەتە ئەو هەموو ژنە تیرۆر کرا، ئەی ئەو هەموو گەورە پیاوەی ڕابەرایەتیتان کە بە کرێگیراوی گەورە و یەکی‌یەکی موجریمانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانن، ئەڵێن چی؟!

لە پای چی ئەم حزبانە دەیان جار کرێی بێ ئەرزشی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینانیان بۆ چەند مانگ دووا ئەخست وەیان ئەخوارد، نانی وشکی سەر سفرەی هەزاران خێزانیان هەڵئەگرت؟!

ئایا موچەی ڕابەرانی حیزب و ئەندامانی پەرلەمانەکەیان کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەخرایە سەر کۆنتۆکانی دەرەوەی وڵاتیان دووا ئەخرا، وەیان ئەخورا؟!

ئێ باشە خۆ ئەگەر مانگێك لەلایەن بەعسەوە موچەکانیان بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە دوواخرابایە، ئێ خۆ موچەی میت و ئیتیلاعاتیان هەر بۆ ئەهات؟!

ئەی ئێوە سەردەمانێك هاوارتان لێ هەستابوو، کە پۆستاڵی بەعس هۆڵی موقەدەسی پەرلەمانی کوردستانیان گڵاوکردووە، بەڵام ئێستا دەرئەکەوێت، کە هەر لەسەرەتاوە برینی شریتی کردنەوەی دەرگای پەرلەمانتان بەدەستی گەورە پیاوانی بەعس بووە!

ئێوە بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان لە خەڵکیی، کۆمۆنیستەکانتان بە تابووری پێنجەم تاوانبار ئەکرد، یانی گوایە ئەوانە بەکرێگیراوی حکومەتی بەعسن لە ناو شۆڕشی کوردستاندا؟!

ئەی ئەگەر وابوو، ئێستا کە دەرکەوتووە بە دەیان کەس لە ڕابەرایەتیتان بە کرێگیراوی بەعس بوونە... بەڕێزتان ناوی تابوری چەندەمی لێ ئەنێن؟!

ئێوە بۆ ئەوەی دەستتان ئاوەڵا بێت بۆ سەرکوتی کۆمۆنیستە عەرەبەکان لە کوردستان، کە کەسانی شۆڕشگێڕ بوون و لە دەستی بەعس هەڵاتبوون، ئەهاتن تۆمەتی ئەوەتان بۆ هەڵئەبەستن کە گوایە گومانیان لەسەرە!

ئەی ئێستا کە دەرکەوتووە دەیان کەڵە ڕابەرتان نەك هەر گومانیان لەسەر نییە، بەڵکوو گەورە بەکرێگیراوی دڕندەی بەعس بوون، ئەڵێن چی؟!

بەڵێ خەڵکی کوردستان بۆ تەنها جارێك و دەساڵ پێش ئێستا برانە بەردەم هەڵبژاردنێکی ساختە، بۆ ئەوەی دەنگ بەو لیستانە بدەن کە ئەم دوو حزبە بە باشیان ئەزانی و پڕوپاگەندەیان بۆیان ئەکرد، پارە و ئیمکانی زۆری تەبلیغییان بۆ ئەخستنە گەڕ. بە هەر جۆرێك بوو ئەو کەسانەی ئەوان پێیان باش بوو لەسەر کورسی پەرلەمان دانیشتن... ئەوا ئێستا دەرکەوت بە دەیان کەس لەو لیستی سەوز و زەردی پیرۆزی پەرلەمانەیان کرێگرتەی دڕندەترین حکومەتی سەر ئەم زەوییەن، کە هەرچی ناشێ بەم میللەتەیان کردووە. میللەتێك بۆ بەشمەینەتی لە دنیادا وێنەی کەمە...

ئەوە دەساڵە ئەم پەرلەمانە سیخوڕە یاسا بۆ کوردستان دائەنێ، ئەوە دەساڵە ئەم پەرلەمانە ژیانی خەڵکی تێك ئەدا، یاساکانی بەعس لە کوردستان ئەباتەڕێوە، مافی ڕیفڕاندۆم و دیاریکرنی چارەنووسی لە خەڵکی کوردستان وەرگرتۆتەوە. دەساڵە ئەم پەرلەمانە سیخوڕە یاسای کۆیلایەتی ئیسلام و بەعس لە کوردستان دائەڕێژن و ئەپارێزن، حیزبەکان ئەدەنە دادگا، هەمان فتوای قەتڵوعامی مەلای مزگەوت و فاشیستەکان بۆ ئینسانە شەریف و ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکان ئەدەن.

ئەم حیزبانە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە پەرلەمانەکەیان بێ وێنەیە! زۆر شتێکی سەیر و عەجاییبە لەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، پەرلەمان و حکومەتێکی ئاوەها هاتۆتەکایەوە، ئەڵێن دەلیلی حەکیمی ڕابەرەکانیانە! ئەڵێن ئەوەتا سەرانی ئەمریکاش وەسف و سەنای حکومەت و پەرلەمان و تاقیکردنەوەی پرشنگداری کوردستان ئەکەن و، ئەڵێن ئەم تاقیکردنەوەیە لە عێراقی دوای سەدام دووبارە ئەکەینەوە!

بەڵێ شایەدێکی باشیان هەیە! ئاخر هەر ئەو سەرانی ئەمریکایە، کاتێك ئەچنە لای حکومەتی فاشیستی تورکیا پێیان ئەڵێن ئەمانەوێ شێوە حکومەتی ئێوە لە عێراق دابمەزرێنین!

بەڵام بە جیا لەوەی ئەمریکا و بەریتانیا چی ئەڵێن وەیان نا... ئایا پەرلەمانێك بەو شێوە هەڵبژاردنە دامەزرابێ، دەساڵ پێش ئێستا ئەو هەڵبژارنە کرابێ، ئەم پەرلەمانە بوویێتە دوو لەتەوە و هەزاران خەڵکیان بە یەکتری بەکوشت دابێت، قانونی بەعسیان لە کوردستان ئەئید و مۆر کردبێت، چەندین بڕگە و یاسای دژی ئازادییان بڕیاردابێت، چەندین جار پەیوەندی و گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتی فاشیستی بەعس کردبێت و نەك هەر ڕاپرسییەکیان بە خەڵکی کوردستان نەکردووە، بەڵکوو قسەی سەر مێز و ژووره داخراوەکانیشیان بەخەڵکی نەگەیاندووە، وەك بڵێی هیچ پەیوەندییەکی بە چارەنووس و دواڕۆژی ئەوانەوە نەبێت. ئەمانە و دەیان و سەدان شتی تر... ئەکرێ ئەم پەرلەمان و حکومەتە نموونەیی بێت؟!

سەرباری هەموو ئەمانەش پەرلەمان و حکومەتێك دەیان کەسی ئەڵقەلەگوێی و موخابەراتی بەعسی تێدا بووبێت! ئەڵێ ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش ڕووی تێکا! دووریش نییە بۆ ئەم شتانە نموونە بن!

ئەمریکاییەکان ڕاستگۆ بوون، ئەی ئەوە نییە مەجلیسی حوکمیان لە شێوەی ئەوان پێکهێنا و تاقیکردنەوەی کوردستانیان بۆ عێراقی دوای سەدام برد؟!

ئەوە چەند مانگێکە دوای ڕوخانی حکومەتی دڕندەی بەعس، ئەم حزبانە باسی سڕینەوەی ئاسەواری بەعس لە کوردستان ئەکەن، باسی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و، سڕینەوەی ئاسەواری تەبعیس و تەعریب ئەکەن! ئەوە دوانزە ساڵە ئەم حزبانە لە کوردستان نەك هەر ئاسەواری بەعسیان نەسڕیوەتەوە، بەڵکوو وەجاخی بە عسیان لە کوردستان ڕۆشن کردۆتەوە! ئاخر کێ دەستی گرتبوون کە یاساکانی بەعس لە کوردستان بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەوە داخوازی خەڵی کوردستان بوو؟! ئاخر کێ دەستی گرتبوون کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەوە داخوازی خەڵکی کوردستان بوو؟! ئیوە هەزاران لاوی ئەم وڵاتەتان بە کوشت دا، کە جگە لە شەڕی دەسەڵات هیچی تر نەبوو! ئاخر ئەگەر شەڕی دەسەڵات لە پێناوی بەدەسەڵاتگەییشتنی خەڵك و خواستەکانیان بوایە پیرۆز بوو... بەڵام پارەی ئیبراهیم خەلیل بکەوێتە دەستی پارتی وەیان یەکێتی، سفرەی خەڵکی چی لێ ئەگۆڕێت؟! هەولێر لە ژێر حوکمی ئاڵای زەردا بێت وەیان سەوز، چی لە چی ئەگۆڕێ؟! چ مافێکی زیاتر بۆ خەڵك بەدەست دێت؟! کام یەك لە قوربانیانی شەڕی ناوخۆ بۆ جێگیرکردنی بڕگەیەکی یاسا لە پێناوی ئازادی و بەختیاری و خۆشگوزەرانی خەڵکدا بوو؟!

ئاخر ئێوە وەکوو بەعس هەر شوێنێکتان لە دەستی یەکتری بسەندایە سەوز و زەردتان ئەکرد، زەرد سەوزی لە ناوچەی خۆیی و، سەوز زەردی لە ناوچەی خۆی تەرحیل ئەکرد! ئەگەر لەلای بەعس کار و وەزیفە لە سەر بنەمای بەبەعسیبوون بوو، ئەوا هی ئێوەش بە زەرد و سەوزبوون بوو!

ئێوە وەکوو بەعس خەڵکیتان لەسەر بیروباوەڕی سیاسی زیندانی ئەکرد، کەرامەتی مرۆڤتان ئەخستە ژێر پێ، ئەشکەنجە و تیرۆر و گوللەبارانتان ئەکرد، واسیتە و ڕەشوەخۆری زۆر بڵاوبوو، کۆکردنەوەی سەروەتوسامان پیشەی کاربەدەستانتان بوو، ئێوە دوانزە ساڵە ئەم سیاسەت و کردەوانە بەڕێوە ئەبەن!

دەیان جار بە شان و باڵی سەدام و بەعستان هەڵداوە، بە ئەندازیاری حوکمی زاتیتان ناو ئەبرد! تەنانەت ئەتانوت سەدام حسێن ڕابەرمانە، سەدام حسێن حەکەمە نەك خەصم! ئەتانوت تەنها ڕێگە هەر بەغدایە! ئێوە ئەگەر سەدام حسێن و ڕژێمەکەی نموونەی بەرزتان بووبێت، ئەوا لە کوردستانیش هەمان کاری ئەوانتان پیادە کردووە، ئیتر باسکردن لە سڕینەوەی ئاسەواری بەعس لە کوردستان یانی چی؟!

ئێستاش کە دەرکەوتووە دەیان کەس لە سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە سەر بە موخابەراتی بەعس بوونە... ئیتر قسەکردن لەمەڕ سڕینەوەی ئاسەواری بەعس لە سەر دەستی ئەمانە چ مانایەکی هەیە؟! باشتر نییە لە جیاتی ئەمانە باسی سڕینەوەی ئاسەواری بەعس لە سەرکردایەتی حیزبەکانتان بکرێ؟ وەیان خەڵکی، ئاسەواری ئێوەش بە یەکجاری لە کوردستان بسڕێتەوە!

2003/7/28